# باوكێك لە مەریوان سەری كچەكەی لە لەشی جیا كردەوە!

لە چەند رۆژی ڕابردوودا گوێ بیستی هەواڵێكی زۆر سەرسوورهێنەرو دڵتەزێن بووین، كچێكی بێ گوناهی كورد لە شاری مەریوان بوو بە قوربانی دابو نەریتی كۆن كۆمەڵگاكەمان، كچێكی تەمەن ١٨ ساڵ بە دەستی دڵڕەقانەو بێرەحمانەی باوكی دەكوژرێت.

زۆر بەداخەوە شەوی پێنج شەممە ٢٤ی گەڵاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی، فریشتە نەجاتی خەڵكی گوندی كانی دینار سەر بە شاری مەریوان لە لایەن باوكییەوە بەو پەڕی دڵڕەقیو بە شێوەیەكی دڕندانە دەكوژرێت. ئەوەی لەم پێوەندییەدا سەرسوورهێنەرە، شێوەو چۆنیەتیی كوشتنی ئەو كچەو هەروەها هۆی كوشتنەكەیەتی!

فریشتە نەجاتی لە تەمەنی ١٤ ساڵاندا بە زۆرەملی لە لایەن بنەماڵەكەیەوە ناچار دەكرێت لەگەڵ پیاوێكدا كە بە دڵی نەبووە، ژیانی هاوبەش پێك بێنێت، پاش ماوەیەك فریشتە بە هۆی كێشەو ناكۆكی لەگەڵ هاوسەرەكەی، لەیەك جیا دەبنەوە. دواتر فریشتە لە مالی باوكی‌دا دەژیتو دەمایەوە. چەند رۆژ بەر لەو رووداوە لەگەڵ باوكیدا تووشی كێشەك بووو پەنای بۆ مالی مامی بردبوو، بەڵام باوكی فریشتە نەجاتی ئەوی لە ماڵی مامی هێنابووە ماڵی خۆیو رۆژی ٢٦ی گەڵاوێژی ١٣٨٧ی هەتاوی سەری لە لاشەی جیا كردەوە! ئەم رووداوە ویژدانی هەموو خەڵكی شاری مەریوانو هەموو ئەو كەسانەی كە گوێ بیستی هەواڵە دڵتەزێنەكە بوون، هەژاندو بووە مایەی نیگەرانیو بێزاری لەو كردەوە نامرۆڤانەیە دژ بە كچێك.

بە دەست پێشخەری "كۆمەلەی پشتیوانی لە ژنانی مەریوان"و بەشداریی خەڵكی دەڤەری ئەو شارە لە دژی كوشتنی فریشتە نەجاتی بە دەستی باوكییەوە بە شێوەیەكی دڕندانە رۆژی شەممە ٢٦ی گەلاوێژ خۆپێشاندانێ وەرێ خرا، خۆپَشاندەران ئەو كردەوەیان بە توندی مەحكووم كرد. شایانی باسە ژمارەی خۆپێشاندەران كە لە ٢٠٠٠ كەس تێدەپەریو بە هەڵگرتنی تەرمی سەر بڕاوی فریشتەو وتنەوەی درووشم لە چوارچێوەی شەرمەزارو مەحكووم كردنی ئەو كردەوە نامرۆڤانەو هەر چەشنە كردەوەیەكی دیكەی هاوشێوە، بۆ ماوەی چەند سەعات خۆپێشاندانەكەیان درێژە پێدا.

ئەم شێوە كوشتنە نامرۆڤانەو دڵڕەقانەیە لە هەموو یاسا، رێساو بەهاو پرەنسیپێكی ئینسانیو كۆمەڵایەتی بە دوورەو بێگومان خاڵێكی زۆر نیگاتیڤو نەرێنی لە سەر بیرو بۆچوونەكانی گەلانی دەورووبەر لە سەر كولتوورو كۆمەڵگای كوردستان دەبێت .






قتل


قتل عمد تهدید آشکار امنیت جامعه است.
جامعه حمایت زنان مریوان
26-05-87 15:04

